# له پەڕاوێزی بەشداری کورد لەپیشانگای نێودەولەتی پەرتووکی فرانکفۆرت- ئەلمانیا باڕاستیەکانی مێژوو ئاوەژوونەکرێن- وەلامێک بە ....

**ئارام ئەحمەد**

**بەشداری سالی2007 درێژە پێدەر سالانی 2004و2005و2006ە کوردیش وەک دەولەت بەشدارنیە چونکە دەولەت نیە بەلکو وەک دەزگایەکی پەرتووک بەشدارە بەیارمەتی وەزارەتی ڕۆشنبیری وەک دەزگاکانی تری بەشدار بوو.**

**هەر نووسەروڕۆژنامە نووسێک بخوازن لەسەر بابەتێک بنووسن پێویستە زانیاری تەواوسەبارەت بەبابەتەکە بزانن،ئەگەر تەنها مەبەستیان نوسین وشێواندنی ڕاستیەکانی مێژوووبە فیڕۆ دانی هەولوماندووبونی کەسانی ماندونەناسوخۆبەخش بێت ئەوە مەحالە لەم سەردەمی میدیای پێشکەوتوو بتوانن سەر کەوتووبن.**
**بەشداری کورد لە پێشانگای نێودەولەتی پەرتووک لە فرانکفۆرت**
**تەنها ئەم سال نیە بەلکو دەگەڕێتەوە بۆ چەندین سال بەر لە سالی 2004 کە پێشتر دەزگاکانی نوودەنگ ومیزۆپۆتامیاوبەرێز دکتۆر جەزاچنگیانی.**
**ئەوەی من بزانم بە شداری کوردستانی باشوربەم جۆرەیە :**
**کۆمەلێک لاوی خۆبەخش ونیشتمان پەروەری کورد لە شاری مانهایم–ئەلمانیا، لە ناوەندی زانین وڕۆسنبیری کوردی– ئەلمانی لە مانهایم سەرەتا لەڕێگەی بەڕیز وەزیری ڕۆشنبیری ئیدارەی سلێمانی فتاح زاخۆیی بەم کارە هەلسان وپرۆژەیان دا بە جەنابی وەزیری ڕۆشنبیرفتاح زاخۆیی لەسالی 2003 ئەویش ڕەزامەندی لەسەر دا ئەگەر ئەویش نەبوایە پێم وانەبوو حکومەتی کوردستان بە حەیاتی ئەم کارە بکات، چونکە چەندین سالە بە ناو نوێنەری حکومەت وحزباکان لەم وولاتەن بە مووش بیریان لەمکارە نەکردۆتەوە،لە سالی 2004 جەنابی وەزیری ڕۆشنبیری فتاح زاخۆیی و هەلگورد عبدولوەهاب بەڕێوەبەری گشتی ڕاگەیاندنی دیوان هاتن لەگەل ئەندامانی ناوەندی زانین وڕۆشنبیری کوردی ئەلمانی  بەشدار بوون،سالی 2005 بە هامان دەستور ناوەند ووەزارەت بەشداریان کرد،سالی 2006 هەر بەهەمان دەستوور بەشدار بوون بەلام ئەم جارەیان وەزارەتی ڕۆشنبیری یەکگرتوو،بۆ ئەمسالی 2007 بریارە بەشدار بن  ئەویش درێژە پێدەری سالانی پێشووترە بەلام تا ئێستا هیچ ڕاگەیاندنێکیان ڕانەگەیاندووە لەمیدیاکوردیەکان سەبارەت بەبەرنامەکاری ئەمسالیان، بەلام ئەوەی من بزانم  ناوەندی ڕۆشنبیری مانهایم وهاڤیبوون وسەنتەری ئەرشیف ووەزارەتی ڕۆشنبیری وئەکادیمیای زانست بۆکودۆلۆژی بەم کارە هەلدەستن.**

**بەلام ئەوەی سەیرە بەڕێزیک بەناوی هۆشیار عوسمان لە ڕۆژی 9،20 لەسایتی دەنگەکان لەنوسینێکی دابەناوی پێشانگای نێودەولەتی کتێب لەئەلمانیا،کورد وەک دەولەت بەشداره، لەنوسینەکەی دا وەکو بەشدارێک خۆی دەناسێنێ ئەم بەڕێزە  لەهێچ ڕێکخراوێکی بەشداریش دانیە ونوسیویەتی:**

**( گەلی ئێمەش لە ڕێگەی وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستانەوە لە هۆڵیکی تایبەت بە خۆیدا بە ئاڵای کوردستانەوە وەک دەوڵەتێک بەرهەمە کوردیەکان دەخاتە بەردیدی زیاتر لە 300000 هەزار کەس کە بڕیارە سەردانی ئەو پێشانگایە بکەن، ئێمەش وەک کورد لە هۆڵی 5_1 نمایشی پەرتوکی کوردی دەدەین و بڕیارە لە لایەن چەند کەسایەتی ڕۆشنبیرو نوسەری کوردەوە لەو ڕۆژانەدا کۆڕ و سیمیناریش پێشکەش بکرێت).ئەم بەڕیزە ستاندی کوردی بە هەلە نوسیوە بۆ یە من ئەدرێسەکەتان بەدروست بۆ دەنووسم**

ئەدرەسی ستاندی کوردی بەم جۆرەیە: هالەی 5.0 لەستاندیA967، بۆ زانیاری زیاتر لە سەر بەشداری کوردستانی باشور دەتوانن سەیری ئەرشیفی سایتەکانی: دەنگەکان، کلاوڕۆژنە، بۆ پێشەوە بکەن وپەیوەندی بەم بەڕێزانەوە بکەن کەسالانی پێشوو بەشدار بوون.